

# یەع لەوپەیکەرەی ئەنفالی بەدوای خۆیدا هانی

## جەزا چنگیانی

ئێمەی کورد بۆیە داماو و کەساسین . چونکە تائیستا نەمان توانیوە یان ئاوزانمان پێنەشکاوە مێژووی خۆمان وەك پێویست بخوێنینەوە ...کوون و قوژبنی شاری سلیمانی بە پەیکەر چنراوە . هەندی لەو کەسایەتیانەی پەیکەریان بۆ دروستکراوە . نەك پێویستە بە چیمەنتۆ و گەچ پەیکەریان بۆ دروستبکریت بەڵکو شایەنی پەیکەری زێڕینن . پەیکەری واشی تێدایە . مێژوو شەرمەزارە لە ناوهێنانی .
شاری سلیمانی کە بەیەکی لەشارە نەتەوەیە ڕۆشنبیرەکانی کوردستان دادەنرێت . خاوەنی کەسانی وایە کە مێژوو بە شانازیەوە بە ڕۆڵەی بەئەمەکی خۆی دادەنیٚ . ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلیمانی سەردەمی پاشاییەتی عیراق . پەسەند نەکردنی دەسەڵاتی چەق ( بەغداد ) لە لایەن خەڵکی سلیمانیەوە نیشانەی هوشیاری ومۆراڵی پاکی کوردەواری ئەم شارە بوو . ئەگەر خۆمان و خوێنەری ئەم ووتارە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی قوتابخانە و وانەی کوردی . کەم قوتابی هەیە ئەم ڕستەیەی شیتەڵ نەکردبێتەوە

### ( عەولە سیس بە گوللەی ئیمپریالیزم کوژرا )

( عەولە سیس ) کێیە ..؟؟ کەم قوتابی هەبوو بیزانیٚ ! منیش یەکێکم لەو قوتابیانەی کاتی خۆی نەمدەزانی ئەم عەولە سیسە کێیە ؟ وەلی کاتی مێژووی شارەکەم و قارەمان وجاشەکانیم خوێندەوە . زانیم ( عەولە سیس ) یەکێکە لە قارەمانەکانی ڕاپەرینی سلیمانی ....ئێستا دەسەڵاتی جەلالی نەك پەیکەری بۆ ئەم قارەمانە دروست نەکردوە . بەڵکو ئاوڕیکیشی لە گۆڕەکەی لە گەڕەکی مەڵکەندی نەداوەتەوە . جوانی و پاکی دادگای مێژوو لەوەدایە بە درۆ و ڕیکلامەی دەسەڵات هەڵناخەڵەتیٚ ...لە

سەردەمی ڕاپەڕینەکەی شاری سلیمانیدا دژی دەسەڵاتی پاشایەتی و بەغداد . وەك ئیستا کۆمەڵی خوێندەواری جاش و سفره لێسەرەوەی ناسیونالیستی عەرەبی وەك فیگۆری سیاسی کوردی بوونیان له بەغدا هەبوو . ئەمانه چونکه بەڕەگەز کورد بوون هەر کاتێك دەسەڵاتی چەق بۆ دەمکوتکردنی کورد پێویستیان پێبوایه به کاری دەهانین . یەکێك لەوانه ( توفیق وەهبی ) بوو . ئەم کەسایەتیه بەڕەگەز کورده یەکێکه له دامەزرێنەکانی سوپای عیراق و ڕژیمی عیراقی .... له کاتی ڕاپەرینی خەڵکی سلیمانی و کوشتنی ( عەوله سیسی ) ی قارەماندا . ئینگلیزەکان ئەم ڤیگوره کورده ( تەفیق وەهبی ) وەك دەستکەلایەك بەمەبەستی دەمکوتکردنی کورد و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی خەڵك بۆ سلیمانی دەیهێننەوە.
ئەم کەسایەتیه به ناو خۆیندەواره بەو پەڕی هوشیارییەوه و بیٚ ئەوەی ئاوڕێك له نەگبەتی گەلی کورد له باشوور بداتەوه . ڕۆڵی پیسپیردراوی ناسیونالیستی عەرەبی و ئینگلیزەکانی بینی . ئەو ئەفسەره کوردانەی که له سوپای عوسمانی تڕۆکران . بوون به کرۆکی دروست بوونی سوپای عیراقی . له خۆیندنەوەیەکی ڕەسەنی میژوودا ئەو ئەفسەرانه به زبلٚ ناونوسکراون ... چونکه ئەو سوپایەی ئەوان بۆ ناسیونالیستی عەرەبیان دروستکرد ئەنفالی بۆ کورد هانی .....
ئیستا له سلیمانی پەیکەرێك بۆ توفیق وەهبی دروستکراوه ..کەچی بۆ قارەمانێکی وەك عەوله سیس چونکه نوێنەری خەڵکانی زوڵملێکراو وڕەنجخوراو برسی و بێکارەکانی ئەم شاره بووه ..ئاوڕێك له گۆڕەکەی نەدراوەتەوه . کۆامیان پەیکەریان پیویسته عەوله سیسی نەوەی هەژار وڕەنج خوراوەکانی کورد ؟؟؟ یان تۆفیق وەهبی دەستکەلای ئینگلیز و خزمەتکاری ناسیونالیستی عەرەب ؟؟؟

## کەواته .... یەع لەو پەیکەرەی ئەنفالی به دوای خۆیدا هانی .



**وێنەی قوتابیەکانی توفیق وەهبي . محمد ئەمین زکی بەگ و ئەفسەرانی تری کوردی دروستکەری سوپای ناسیونالیستي عەرەب .**

2004/12/26

فرانکفۆڕت